Consolato d'Italia
Erbil

**بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزەی گەشتیاری**

بۆ ئەندامانی خێزانی هەڵگرانی ڕەگەزنامەی یەکێتی ئەوروپا:
هاوسەر، منداڵ، منداڵی هاوسەر، هەتا تەمەنی ۲۱ ساڵی یان تەمەنی زیاتر لە ۲۱ ئەرک لە ئەستۆ، دایک و باوک یان خەسو و خەزوور ئەرک لە ئەستۆ

1 - پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی شنگن لە ڕێگای ئەم لینکەوە

(Homepage - Visto Schengen - Modulo online (esteri.it)) دواتر چاپ و واژۆ بکرێت، لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.

2 - وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry variant) (icao.int)).
3 - پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).
4 - کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.
5 - بڕوانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپییەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ۳ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.
6 - دەعوەتنامە (میوانداریینامە)ی پێدانی ڤیزا لەلایەن هاوڵاتی یەکێتی ئەوروپا کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە (بڕوانە فۆڕمی هاوپێچ).
7 - بەڵگەنامەی جیاواز بەپێی ئەو حاڵەتانەی لە خوارەوە باسکراون، سەلماندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ئەندامەی خێزانەکەی کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە. بەڵگەنامەکانی باری شارستانی دەبێت ڕەسەن/ئەسڵی و بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وەرگێڕدرابن، وە پشتڕاستکرابنەوە لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕدراوەکە).

- بۆ هاوسەران: گرێبەستی هاوسەرگیری.

- بۆ منداڵی خوار تەمەن هەژدە ساڵ: بڕوانامەی لەدایک بوون.

- بۆ دایک و باوکی لە ئەستۆ: بڕوانامەی لەدایکبوونی ئەو منداڵەی لە ئیتالیایە و داوای یەکگرتنەوە دەکات؛ بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە حەواڵەکردنی پارە لەلایەن منداڵەکەوە کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە (نموونە: پسولەی بانکی).

**سەرنج**

Consolato d'Italia
Erbil

- ڤیزاکە بەبێ بەرامبەر دەدرێت.

- لە بارەی داواکاری خێزانی هاوولاتیانی ئیتالی، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە:

- ئەگەر بەڵگەنامەکان پێشتر لە ئیتاڵیا تۆمارکرابن، ئەوە بەڵگەنامەی جێگرەوەی واژۆکراو بە بەپێی ڕێسا بەرکارەکان بەسە.

- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕانێکیان لەگەڵدا بێت بۆ زمانی ئیتالی یان ئینگلیزی کە لەلایەن دادنووس (كاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاست (تەسدیق) کرابنەوە (ڕەسەن/ئەسڵی و وەرگێڕانەکە)؛

- بە ئارەزووی ئۆفیسی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی دەرکردنی ڤیزە ناکات.